# سەردەمانێک دێت بەسەر خەڵکیدا، پیاو دەسوڕێتەوە بە خێرکردنی بە ئاڵتون بەڵام کەسی دەستناکەوێت کە خێرەکەی ببات، ودەبینرێت پیاوێک چل ئافرەت شوێنی دەکەون بۆ ئەوەی پشتی پێ ببەستن ئەمیش بەهۆی کەمی پیاوان وزۆری ئافرەتانەوە

لە ئەبی موسای ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«سەردەمانێک دێت بەسەر خەڵکیدا، پیاو دەسوڕێتەوە بە خێرکردنی بە ئاڵتون بەڵام کەسی دەستناکەوێت کە خێرەکەی ببات، ودەبینرێت پیاوێک چل ئافرەت شوێنی دەکەون بۆ ئەوەی پشتی پێ ببەستن ئەمیش بەهۆی کەمی پیاوان وزۆری ئافرەتانەوە».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەوەندە پارە وسامان زۆر دەبێـت لە نێو دەستی خەڵکیدا هەتاوەکو کەس نادۆزرێتەوە کە خێر وبەخشین ببات، وپیاوان کەم دەبنەوە وئافرەتان زۆر دەبن ئینجا بەهۆی جەنگ یان بەهۆی زۆری لەدایکبوونی کچانەوە بێت، هەتاوەکو وایلێدێت بە چل ئافرەت شوێنی یەک پیاو دەکەون بۆ ئەوەی پشتی پێ ببەستن وداوای یارمەتی لێدەکەن لە کچ وخوشک وکەسە نزیکەکان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3118